تەن کێوم ، سەرم شاخە ، هەناسەم

نەسیمە ، چاوەکانم ، مێزەرم تەم

٥ ــ پێنج شت بە پێنج شت : ( ناری[1] ) ئەڵێ :

ڕووت وەکو ئاگر موژەت وەك شیشە ، ئەبرۆت قیمەکێش

مروەحەت زولفو کەبابت جەرگی پارەی ناری یە

٦ ــ شەش شت بە شەش شت : ئەدەب ئەڵێ :

بە زولفو برۆو موژگانو خەتو پەرچەمو باڵا

کەمەندو تیغو تیر ، جەوشەنو خەفتانو واڵایی

بە کوڵمەو ڕوومەتو ڕان بە مەمکو سینەو گەردن

عەقیقو لەعلو یاقوتو دوڕو بلوورو مینایی

٧ ــ حەفت شت بە حەفت شت : (کوردی[1]) ئەڵێ :

کەبك خەتو باز ڕەوشت ، سەقەر سەدا ، پەیجە عوقاب

چاو مەڕاڵ ، ئاسك نیگە ، شێر کەمەن ، سمت غەزاڵ

## ڕەوانی لێکچواندن

ڕەوانی لێکچواندن لەوە دایە نووسەر وێنەی شتێکی دوورو شاراوە بێنێتو بە هۆی شتێکی دیارو نزیکەوە دەری ببڕێو پێشانی بدا ، جا هەر چەندە ئەو گواستنەوەیە لە لێچوو بۆ لەوچوو دوورو قووڵتر بێ لێکچواندنەکە ئەنگێوتر ئەبێ .. « چاوی کاڵ ئاسا لێکچواندن تەلەسمو ڕاکێشانو مەبەست بەخشی تیایە ، بەندی دڵو ڕشتەی جەرگ ڕائەهەژێنێو ئەی خاتە جۆشو خرۆشەوە .. » (١)

دیسان ڕەوانی لێکچواندن لەوەوە دەرئەکەوێ پەردەی لێڵو پێڵی شت دابدڕێو وێنەو دیمەنێکی دڵ ڕاکێشەر بخاتە بەرچاو ، ئەمەشیان

---

(١) اسرار البلاغة فی علم البيان

